## شۆڕشەکانی کورد

نەمر عەلائەدینی سەجادی لە کتێبی *"شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق"* دا مێژوولکەی نۆ شۆڕشی کوردی لە نێوان بەدر خانییەکان و شۆڕشی ئەیلوول نووسیوە. لە "شۆڕشی سمکۆ" دا هەندێک ئاماژە بە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان، چەمی موکریان(؟)، جەخەتوو و ساینقەڵا کراوە، گەرچی باسێکی راستەوخۆی بۆکانی تێدا نییە (لاپەڕە ٢٤٧ تا ٢٤٩)، بەڵام لە "شۆڕشی سابڵاخ" دا – کە مێژووی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)ە، لە زۆر رووداو و کەسایەتی دواوە کە بۆکان دەگرنەوە و لە بۆکان خۆیشی.

ئەوانەی خوارەوە ئەو بابەتانەن کە بۆکان دەگرنەوە:

بەرەی تورجانییەکان (لاپەڕە ٢٦٦)،

قاسمی حاجی بایزئاغا (لاپەڕە ٢٦٩)،

فەیزوڵڵابەگی (لاپەڕە ٢٦٩، ٢٧٢، ٢٧٥)،

حاجی بابە شێخی جەمیان(لاپەڕە ٢٧٢)،

حاجی رەحمانی ئێلخانی زادە (لاپەڕە ٢٧٣)،

اسماعیل ئێلخانی زادە (لاپەڕە ٢٧٣)،

گیرانی بۆکان (لاپەڕە ٢٧٤)،

ئاڵتوون و قارەوا (لاپەڕە ٢٧٥)،

بۆکان (لاپەڕە ٢٧٦، ٣٠١، ٣٠٢، ٣٠٦)،

مامەشا (لاپەڕە ٢٧٧)،

سەرا (لاپەڕە ٢٨٠)،

عەبدوڵڵا ئێلخانی زادە (لاپەڕە ٢٨٩، ٣٠١، ٣٠٢)،

تیکاب و تیکان تەپە (لاپەڕە ٢٩٥، ٢٩٦، ٢٩٩)،

لە باسی عەبدوڵڵا ئێلخانیزادە دا سەجادی دەنووسێت: *"(دوای هەرەسی کۆمار)سەرەتا فیکر وابوو عەبدوڵڵای ئێلخانی زادە و مام عەزیزی قەرەنیاغای مامەش کە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوون، حکوومەت بە نهێنی جل و بەرگی سەربازی بکا بەبەر پیاوەکانیانا و سەرەتا ئەوانە بچنە ناو شاری سابڵاخەوە.... لەبەر ئەمانە، قازی محەمەد لەگەڵ جەنەڕاڵ هومایونی سەرۆکی عەسکەری ئەو ناوە قسەی کرد و هومایونی پەشیمان کردەوە لەو باوەڕە"* (لاپەڕە ٣٠١، ٣٠٢)،

ئەم مەسەلەی چوونی عەشایر بۆ ناو شاری مەهابادە لە لایەن نەمر محەمەدی شاپەسەندیشەوە باسی لێوە کراوە *(بڕوانە بەشی ١٥٣ ی ئەم زنجیرە وتارە)*.

من ژمارەی لاپەڕەکانم لەبەر ئەو چاپەی کتێبەکە نووسیوە کە "ئەحمەد موحەممەدی" لە سنە پێکی هێناوە. دەقی چاپی بەغدام لەبەر دەستدا نەبوو.

علاء الدین سجادی، "شۆڕشەکانی کورد کورد و کۆماری عیراق"، لە چاپ دانەوەی ئەحمەد موحەممەدی، دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەتڵەس، تاران، ١٣٨٤[٢٠٠٥]، ٣٥٤ لاپەڕە

ISBN: ٩٦٤ - ٠٦ – ٢٢٦٣ - X